# کار و چالاکی

# کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی


حکومەتی هەرێمی کوردستان

فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون

# ناوەڕۆک


کار و چالاکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان – ساڵی یەکەم ........................................................ 1

کار و چالاکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان – ساڵی دووەم........................................................ 6

کار و چالاکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان – ساڵی سێیەم........................................................ 10

کار و چالاکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان - ساڵی چوارەم

## یەکەم: ئاستی چاکسازی

- ئامادەکردنی پێناسەی کار (الوصف الوظيفي) و کارنامەی کار (لائحة العمل) لە ڕووی کارگێری و بەڕێوەبردن لە دیوانی وەزارەت بە مەبەستی شێوازی بەڕێوەبردنی و باشترکردنی خزمەتگوزاری و ڕێکخستنی ئیش و کارەکان.
- گەڕاندنەوەی داهات بۆ خەزینە، ئەویش بە گەڕانەوەی زیاتر (1) ملیار دینار لە مووچە کەم ئەندامان.
- گێڕانەوەی زیاتر لە دوو ملیار دیناری عێراقی کەم ئەندامانی هەڵەبجە بۆ خەزێنەی دەوڵەت.
- کاراکردنەوە و دانانی سندوقی سکاڵا لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەت بەمەبەستی چاکسازی لە کاری وەزیفی و باشترکردنی خزمەتگوزاری.
- لیژنەی بەدواداچوون بۆ هەواڵ و زانیارییەکانی ڕاگەیاندن بۆ سەرجەم فەرمانگەکانی وەزارەت بە مەبەستی باشتر بەڕێوەبردن و چاککردنی خزمەتگوزارییەکان.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بە شێوازێکی نوێ جیا لە شێوازی پێشوو کە تەنها چەند ڕێنماییەکی وەزارەتی دارایی هەبوو بۆ دیارکردنی سوودمەندان و، کارکردن لەگەڵ وەزارەتی پلان و هەردوو ڕێکخراوی بانکی نێو دەوڵەتی و UNDP و شارازی نێودەوڵەتی بۆ گەیشتنە قۆناغی کۆتایی ئەم ڕەشنووسە.
- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری شایستە و کاراکردنی پرۆسەی چاکسازی بۆ بەندیيەکان، لە میانەی شەش چاکسازی لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك، کە زیاتر لە (5300) پێنج هەزارو سێ سەد بەندی لە خۆ دەگرن.

## دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

- گەڕانەوەی مووچەی کەمئەندامان لە گشت شارەکانی هەرێمی کوردستان، تیایدا (12689) کەمئەندام سوودمەندبوون، کە (1,704,300،000) یەك ملیار و حەوت سەد و چوار ملیۆن و سێ سەد هەزار دینار بۆی تەرخانکراوە.
- سیاسەتی پارستنی منداڵ، لەبواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەگشت شارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سوودمەندبوونی گشت منداڵان.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای کار و سیاسەتی بەکارخستن بۆ بەکارخستن و دەستەبەری کرێکاران بە مەبەستی خزمەتکردنی زیاتری کرێکاران و پاراستنی مافی کرێکار و خاوەن کار و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری.
- کاراکردنەوەی صندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە مەبەستی کۆکردنەوەی داهاتی دەستەبەری لە یەک صندوق وەبەرهێنان و یەکخستنی داهات.
- هەنگاونان بەرەو دەستپێکردنەوەی پرۆژەی قەرزە بچووکەکانی لاوان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و دامەزراندی پرۆژی بچووك و رەخساندنی هەلی کار بۆ (9500) گەنج و رەخساندنی هەلی کار بە (ناڕاستەوخۆ) بۆ زیاتر لە (25000) کەس یاریدەدەر لە پرۆژە.

- پێدانی (5150) ڤیزەی کارکردن بە کرێکاری بیانی، بەو کەسانەی مەرجەکانی کارکردن لە هەرێمی کوردستان دەیان گرێتەوەو، رەتکردنەوەی هەر داواکارییەکی ڤیزاش کە مەرجەکانی کارکردنی تێدا نەبێت.
- هەموارکردنەوەی یاسای ژماری (2) ی ساڵی 2011 ی تاپبەت بە سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان، بە شێوازێك کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێم.
- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (5)ی ساڵی 2015 تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچوکەکانی لاوان بە مەبەستی سوودمەند بوونی ژمارەیەکی زیاتر لە گەنجان لەسەر بنەمای هەموارکردنەوەی مەرجەکانی پێدانی پێشینە لە یاساکەدا (دابینکردنی هەلی کاری زیاتر).
- هەموار کردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (2) ساڵی 2016ی تایبەت بە کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە مەبەستی دەستەبەر کردنی ژیانی شایستە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت.
- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (1) ساڵی 2019 ی تایبەت بە هێزی جێبەجێ کردن لە چاکسازییەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك بەمەبەستی پاراستنی سزادراوان.
- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (2) سالی 2019 تایبەت بە مۆڵەتی سزادراوان بۆ سوودمەند بوونی خێزانی سزادراوان.
- ڕاهێنان و بەکارخستنی هێز و توانای سزادراوان لە چاکسازی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی ئامادەکردنی سزادراوان بۆ دەستپێشخەری لە دامەزراندنی پرۆژە لە دوای ئازاد بوونیان.
- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (3) سالی 2018 تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم بۆ چاودێری کەمئەندامان بە مەبەستی گرنگیدان بە کەرتی تایبەت لەم بوارە.
- بەخشینی مۆڵەتی بەخێوکەر وەکو مافێکی کەمئەندامان بە مەبەستی کەم کردنەوەی ئەرکی خاوەن پێداویستی تایبەت.
- ئامادەکردنی سیستەمی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی لە بواری چاودێری خێزان و کەمئەندامان بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕۆتین و لادانی ناوی دوبارە.
- تۆمارکردنی ناوی بێکاران بۆ دۆزینەوەی هەلی کار کە تاکو ئێستا 400 کەس تۆمار کراون (75) کاریان بۆ دۆزراوەتەوە.
- گشتاندنی کارئاسانی بۆ مافی کەمئەندامان بە مەبەستی بارسوکی بە بەخشین لە رسوماتی خوێندن و کارئاسانی لە باڵەخانەکان.
- ئامادەسازی بۆ دووبارە ناونووسینی کەمئەندام بە مەبەستی سوودمەندبوونی کەسانی شایستە.
- تەواوکردنی کارەکانی باڵەخانەی 9 وەزارەت بە مەبەستی کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان و کەمئەندامان و باشتر کردنی ڕێکخستنی کارگێری.
- گێرانەوەی مووچەی (13005) کەمئەندامان کە دوای پشکنینەوەی پزیشکی شایستە بوون یارمەتی دارایی وەربگرن، (8939) کەمئەندام بە هاریکاری مانگانەی (150000) سـەدو پەنجا هەزار دینار چونکە هیچ داهاتێکیان نییە، هەروەها (4066) کەمئەندام بە هاریکاری مانگانەی (100000) سەد هەزار دینار کە سەرچاوەی تری داهاتیان هەیە.

- خۆئامادەکردن بۆ تۆمارکردنی ناوی نوێی کەمئەندامان کە مەرجەکانی شایستەبوونی هاوکاریان تێدایەو، پێشتر ناونووس نەکراون.
- بەکارخستنی سیستمی داتابیس بۆ زانیاری کەمئەندامانی سوودمەند لە حکومەت، کە بەشێوازێك لەسەر ئاستی کوردستان یەك فۆرمی هاوشێوە پیادە بکرێت بۆ زانیارییەکان و وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی سوودمەندبوونی کەمئەندامان لە ڕێگای ئەلکترۆنیەوە بێت.
- راگرتنی دەوامی ئاسایی لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و پەیمانگاکانی فێرکردن و سەنتەری ئۆتیزم لەگەڵ فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران، لە میانەی ڕووبەڕوو بوونەوەی گرفتی ڤایرۆسی کۆڕۆناو بەردەوام بوون لە خزمەتگوزارییەکانی چاکسازییەکان و خانەکانی چاودێر و ماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو.
- بەخشینی (الغرامة التاخيرية) بۆ سەرجەم سوودمەندانی قەرزی بچووك لە 2020/1/1 تاکو 2020/6/1، وەك پاڵپشتەیەك و کار ئاسانیەك بۆ سوودمەندانی قەرزی بچووك، بە هۆی ئەم بارە ناهەموارەی لە کوردستان هەیە.
- چارەسەرکردن هاوکاری کردنی خێزانێکی کەم دەرامەت بۆ رێگەگرتن لە بەخشینی منداڵەکانی لەبەر نەبوونی، کە بە هیمەتی وەزارەت لە رێگای خێرخوازان خانووەکی بۆ دابینکرا لە پیرەمەگروون.
- گۆڕینی سیستمی کاری هێلی گەرمی فریاکەوتنی منداڵان (116) لە سیستمی (8) کاتژمێری خزمەت بۆ (24) کاتژمێر، تاکو بتواندرێت بە شێوازێکی بەردەوام بە هانای منداڵانەوە بێت و خزمەتگوزاری پێویستیان پێشکەش بکات.
- کارکردنی جدی لەســـەر پرۆژەی خزمەت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەنجام دەدرێت و سەرجەم دامودەزگاکانی وەزارەتی کار کە خزمەتگوزاری پێشکەش هاووڵاتیان دەکەن لەم ســـایتە زانیاری تەواویان لەســـەر بڵاو دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی ســـەرجەم هاووڵاتیان لە خزمەتگوزارییەکان و پێداویستی مامەڵەو..هتد ئاگاداربن.

## سێیەم: ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان

- سیستەمی خێزانی جێگرەوە لە بواری پارێزگاری منداڵ لە شارەکانی هەرێم بە مەبەستی پارێزگاری کردنی منداڵ لە ڕووی دەرونی و تەندروستی و پەروەردەییەوە و دابینکردنی ئارامگەیەکی گەرمی خێزانی بۆ منداڵ.
- ڕێکەوتنامەی لێك تێگەیشتن لەگەڵ ڕێکخراوی (ستێپس)ی بەریتانی لە بواری خێزانی جێگرەوە بە مەبەستی دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی منداڵ لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.
- چاککردنی ڕەوشی ماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتان لە ڕووی خزمەتگوزاری شەڵتەر، بە مەبەستی بەسیستەم کردنی کاروباری خزمەتگوزارییەکانی شەڵتەری داڵدەدانی ژنانی هەڕەشە لێکراو.
- دانانی سیستمی داتابیس بۆماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو، بە شێوازێك کە زانیاری سەرجەم کەیسەکان لە دیوانی وەزارەت دەبێت و، لەسەر ئاستی کوردستان بە یەك سیستەم کاردەکرێت.

- ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسایی مافی منداڵ بە مەبەستی پارێزگاری کردنی منداڵ لە ڕووی دەرونی و تەندروستی و پەروەردەییەوە.
- بەدواداچوونی سیاسەتی پاراستنی منداڵ لە ئەنجوومەنی وەزیران، کە بە بناغەی کاری بواری منداڵان دادەندرێت لەسەر ئاستی هەرێم و بە شێوازێك ئامادەکراوە کە گونجاو بێت لەگەڵ بنەما نێودەوڵەتیەکانی بواری منداڵان.
- چالاك کردنی یەکەی جێندەر لە گشت شارەکانی هەرێم بە مەبەستی کەم کردنەوەی جیاکاری رەگەزی.

## چوارەم: پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە حکومەتی فیدراڵ بە مەبەستی گۆڕینەوەی بیر و ڕاو و دروست کردنی هەماهەنگی.

## پێنجەم: ئاستی پەیوەندیەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

- پتەوترکردنی پەیوەندی نێوان وەزارەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێوخۆییەکان و بەستانەوەیان بە دیوانی وەزارەت و پێشکەش کردنی کار ئاسانی بۆ چالاکی هاوبەش و سوود بینین لە توانستەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی کارمەندان و ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەشی بە سوود بۆ هاووڵاتیان، کە تەنیا لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە (٧٥) سەردانی فەرمی وەزارەت کراوە.
- کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکان بە گشتی و یونسێف بە تایبەتی، بە مەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشتر بە ئاوارەکان، لە بواری هۆشیارکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکانیان و هاریکاری کردنیان لە ڕووی ماددی بە مەبەستی بەردەوام بوونی منداڵەکانیان لە پرۆسەی خوێندن، لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێر و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان.
- ئەنجامدانی چەندین کاری هاوبەش لە نێوان وەزارەت و زانکۆی ستانفۆرد لە هەولێر، وەك هاریکاری خانەکان و هۆشیارکردنەوەی نابیستان لە ڕێگای سیمینارو....هتد.
- پێشوازی کردن و کارئاسانی لە بواری کاری وەزارەت بۆ کونسوڵخانەکان و نوێنەرە جیاجیاکان لەسەر ئاستی کوردستان و، بەشداربوون لە بۆنەو مەراسیمەکانیان و پێشوازی کردن لە (٩) باڵیۆز و کونسوڵخانە لە دیوانی وەزارەت.
- بەشداری کردن لە سەرجەم پرس و بابەتەکانی تایبەت بە ژنان و منداڵان و توێژە جیاکانی کۆمەڵگا، لە کۆنفرانس و سیمیناو وۆرکشۆپی جیاجیاو، بینینی ڕۆڵی بەرچاو لە هەماهەنگی لە ئامادەکردنی و بەڕێوەبردنیان.
- هاوکارو پەیوەندی پتەوبوون لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بۆ سەرجەم بابەتەکانی جێندەری و ئەو لیژنانەی بە هاوبەشی کارەکان ئەنجام دەدەن و رۆڵ بینین لە سەرخستنی کارەکان.

## شەشەم: ئاستی کارگێڕی

- ئامادەکردنی پلانی ستراتیژی چوار ساڵە بە مەبەستی باشترکردنی گشت خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتمان.
- بەسەرکردنەوەی دام و دەزگاکانی وەزارەت بۆ 60 فەرمانگە لە هەیکەلی وەزارەت بە مەبەستی هاندان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان.
- ئامادەکردنی پلانی ڕاهێنانی فەرمانبەران بۆ ماوەی 3 ساڵ بە مەبەستی باشتر کردنی ئاستی فەرمانبەران لە ڕووی کارگێڕی و هونەرییەوە.
- سەر لە نوێ داڕشتنەوەی بەڕێوبەرایەتی و بەشەکانی وەزارت کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕەوشی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی ڕۆتین لە کاتی ئەنجامدانی مامەڵەکانیان.
- ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشەکان لە چاکسازییەکان و بەڕێوبەرایەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، بە لەبەرچاو گرتنی لێهاتوویی کارمەندان و دانانی کەسی شیاو.

# کار و چالاکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان –ساڵی دووەم

## لە ئاستی چاکسازیدا:

**یەکەم: کارکردن بۆ چاکسازی لە کەرتی وەزیفەی گشتی**

ئەو پرۆژە و رێکار و چالاکییەیانەی لە قۆناغی بەردەوامی و جێبەجێکردندان:

- لە ئەنجامی بەردەوامبوون لە وردبینی کردنی دۆسیەی خاوەن پێداویستی تایبەت و دەرهێنانی ناوی ئەو خاوەن پێداویستی تایبەتانەی کە کۆچی دوای دەکەن یاخود کۆچی دەرەوەی وڵات دەکەن یان شایستە نین بووە هۆی گەڕانەوەی نزیکەی (400) چوار سەد ملیۆن دینار لە مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ گەنجینەی حکومەت ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی (2740) - دۆسیەی کەمئەندامی.

- بەردەوامی لە پێداچوونەوە بە دۆسیەی فەرمانبەران دەستنیشانکردنی پلە و سەرمووچەی زیادە، وردبینی کردنی (4840) دۆسیە لە کۆی گشتی (5970) دۆسیە، لە ئێستادا لیژنەی باڵای وردبینی کردنی دۆسیەکان لە وەزارەت سەرقاڵی وردبینیکردنی دۆسیەکانی دەرەوی دیوانی وەزارەتن بە شێوەی وەرگرتنی سامپڵی هەڕەمەکی بۆ دڵنیا بوون لە باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی وردبینی.

- بەردەوامی لیژنەکانی پشکنینی دەستەبەری کومەڵایەتی کە (١٨) لیژنەن (حەوت لە سلێمانی و شەش لە هەولێر و پێنج لە دهۆك).

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری شایستەو کاراکردنی پرۆسەی چاکسازی بۆ بەندییەکان لە رێگای (6) شەش بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران و ژنان و منداڵان لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) کە زیاتر لە (5000) پێنج هەزار بەندی لە خۆ دەگرێت.

- کارکردنی لیژنە تایبەت بەپێدانی مۆڵەتی بەخێوکەر لە دیوانی وەزارەت بە پێداچونەوە بە دۆسیەی سودمەندانی مۆڵەتی بەخێوکەر تا وەکو ئێستا زیاتر لە (150) مۆڵەت فەرمانی هەڵوەشانەوەی بۆ کراوە.

| ز | وردەکاری | ژمارە | جیاوازی مووچە |
|---|---|---|---|
| 1 | ژمارەی فەرمانبەری خاوەن پێداویستی تایبەت | 13249 | |
| 2 | ژمارەی کۆدی بایۆمەتری دوو جار دووبارە | 648 | 32.400.000 |
| 3 | ژمارەی کۆدی بایۆمەتری سێ جار دووبارە | 17 | 3.400.000 |
| 4 | ژمارەی کۆدی بایۆمەتری چوار جار دووبارە | 1 | 300.000 |

- هەمواری رەشنووسی ستراتیژی نیشتمانی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.

- ئامادەکردنی ڕێنمایی (تۆڕی پاراستنی خێزان لەسەر بنەمای هەژاری) کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پارێزگاکان، دەستەی ئامار، نوێنەرانی پەرلەمان، هەروەها ڕاسپاردەی تەکنیکی و پاڵپشتی دارایی (UNDP) و (UNICEF) و (UNHCR) و (WFP) بانکی نێودەوڵەتی و (Cash Working Group for Iraq) ئامادەکراوە.

**دووەم: کارکردن بۆ نەهێشتنی ڕۆتین و خێراکردنی ڕاپەراندنی ئیش و کاری هاووڵاتیان**

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یەك پەنجەرە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆك لە قۆناغی گواستنەوە بۆ شارەکانی تری هەرێم.

- بە هاوکاری و پاڵپشتی ڕێکخراوی یونسێف داتا سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دروست کرا کە ئێستا لە قۆناغی ئەزموونییە دواتر لە سەرجەم شارەکانی تر کاری پێ دەکرێت و دەبەسترێتەوە بە دیوانی وەزارەت.

- قۆناغی یەکەمی دروستکردنی داتابەیس بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی لە دیوانی وەزارەت.

- قۆناغی کۆتایی لە دروستکردنی داتابەیس بۆ ڕاییکردنی کاروباری توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە چاکسازییەکانی (هەولێر- دهۆك- سلێمانی) لەلایەن ڕێکخراوی تۆڕی دادپەروەی لە عێراق.

- قۆناغی کۆتایی لە ئەنجامدانی خزمەتگوزاری ئەلێکترۆنی و کورتەنامە بۆ سودمەندانی قەرزی بچووك لە ڕێگای مۆبایلەوە.

- قۆناغی کۆتایی لە ئەنجامدانی خزمەتگوزاری چەسپاندنی خاڵی (GPS) بۆ شوێنی پرۆژەکانی قەرزی بچووك.

## لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا

- **کار دەکەین بۆ ڕەخساندنی بواری کار بۆ کەرتی تایبەت**

- ئامادەکردنی یاسای کار تایبەت بە مافی کرێکاران پێداچوونەوەی لەلایەن ئەنجومەنی شورا و ڕەوانەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی ناردن و پەسەندکردنی لە پەرلەمانی کوردستان.

- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (1) ساڵی 2018ی مۆڵەتی پێدانی نووسینگەکانی بەکارخستنی کرێکاری خۆماڵی لە کەرتی تایبەت.

- دەرکردنی ڕەشنووسی لێك تێگەیشتن بۆ بەکارخستنی کرێکاری بیانی.

- **زامنکردن مافە یاساییەکانی  فەرمانبەر و کرێکارانی کەرتی تایبەت:**

- قۆناغی کۆتایی لە داڕشتنی ڕەشنووس یاسای دەستەبەری کرێکاران بە مەبەستی ناردنی بۆ ئەنجومەنی شورا.

- **دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستە، گرنگیدان بە خاوەن پێداوسیتییە تایبەتەکان:**

- کارکردن بۆ دامەزراندنی ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی (مرکز تشخیص العوق) و ئامادەکردنی پەیکەری گونجاو بۆ ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی (مرکز تشخیص العوق) لەگەڵ دەستنیشانکردنی باڵەخانەی کۆنی وەزارەتی کشتوکاڵ لەسەر ڕێگای کەرکوك بۆ ناوەندی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

- دەستپێکردن بە دروستکردنی ناسنامە بۆ خاوەن پێداوسیتییە تایبەتەکان.

- دەرکردنی ڕێنمایی ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی.

- ئامادەکردنی فۆڕمی تایبەت بە دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی.

- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای سندوقی خاوەن پێداویستی تایبەت.

- دەرکردنی ڕێنمایی دەستنیشانکردنی ڕێژەیەك لە مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەرانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ڕەچاوکردنی ڕێژەی پەککەوتەیی بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی ڕاسپێردراو.

- هەمووارکردنی ڕێنمایی ژمارە (3) ساڵی 2018 ی تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم.

- ڕێنمایی لکاندنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە لە هەرێمی کوردستان.

- ڕێنمایی تایبەت بە سەنتەرەکانی منداڵی بیرکۆڵ لە هەرێمی کوردستان.

- هەموارکردنەوەی یاداشتی لێك تێگەیشتنی نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکارانی پەیمانگاکانی هیوای نابیستان و ڕووناکی بۆ نابینایان لە ئامادەییە پیشەییەکان و هەردوو پەیمانگای کۆمپیوتەر و هونەرەجوانەکان.

- هەموارکردنی ڕێنمایی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت.

- ئامادەسازی بۆ دووبارە ناونووسینی کەمئەندامان بە مەبەستی سودمەندبوونی کەسانی شایستە.

- دروستکردنی لیژنە بۆ نووسینی پرۆپۆزەڵ و دەرخستە بۆ دروست کردنی سەنتەری شیاندنەوەی بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەر بەپێی مادەی حەوتی یاسای بەرەنگاربونەوەی مادەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان.

- **گەنجانمان سەرمایەیەکی نیشتیمانی گەورە و کاریگەری مرۆیین و ئایندەسازی وڵاتەکەمانن:**

- ئامادەکردنی پلانی 2 ساڵە بۆ دەستپێکردنەوەی قەرزی بچووك و بە گەنج و لاوان بەپێی ئەو داهاتەی کە مانگانە دەگەڕێتەوە سەر هەژمارە بانکییەکانمان کە مانگانە خەملێندراوە بە یەك ملیار دینار.

- پلانی ستراتیجی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت (PPP) لە خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکانی وەزارەت.

- بەردەوامی لە تۆمارکردنی بێکاران و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بێکاران لە بەڕێوەبەراتییەکانی کار لە پارێزگا و قەزاکان، تۆمارکردنی (3482) بێکار و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ (690) بێکار.

- پێدانی مۆڵەتی کار تۆمارکردنی (3688) کرێکاری بیانی کە بە ڕێگەی وەزارەت هاتوون بۆ کوردستان.

- بەردەوامی خولە جیاوازەکانی راهێنانی پیشەیی: ئەنجامدانی (9) خول بۆ (1329) کەس.

- بەردەوامی چالاکییەکانی هێڵی هۆشیارکردنەوەی کرێکاران (5500): وەرگرتنی (2201) پەیوەندی تایبەت بە پرسیارکردن دەربارەی یاسا و ڕێنمایی پەیوەست بە کرێکاران و وەرگرتنی زانیاری پەیوەست و سکاڵا.

- بەردەوامی لە گەڕانەوەی پارەی سودمەندانی قەرزی بچووك بە بڕی (46.025.933.000) ملیار دینار لە کۆی گشتی قەرزی دابەشکراو بە بڕی (76.882.000.000) ملیار دینار لە لایەن (5) بنکەی سەرەکی لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە، ئیدارەی گەرمیان) و هەشت بنکەی لاوەکی لە قەزاکانی (سۆران، کۆیە، مێرگەسۆر، ڕانیە، چەمچەماڵ، زاخۆ، ئاکرێ، ئامێدی) بە مەبەستی دووبارە دەستپێکردنەوەی قەرزی بچووك.

## یەکەم: ئاستی چاکسازی

- پێداچوونەوە بە یاسای کاری هەرێم دوای دیراسەکردنی و تاوتوکردن و بەراوردکردن لەگەڵ یاسای حکومەتی فیدراڵ و ڕەوانەکردنی یاسای کار و یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسای چاکسازی کۆمەڵایەتی کە جێگای سیستەمی چاکسازی ژمارە (1) ی ساڵی 2008 بگرێتەوە.
- لیژنەی بەدواداچوون بۆ هەواڵ و زانیارییەکانی ڕاگەیاندن بۆ سەرجەم فەرمانگەکانی وەزارەت بە مەبەستی باشتر بەڕێوەبردن و چاککردنی خزمەتگوزارییەکان.
- ئامادەکردنی ڕەشنوسی ڕێنمایی تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی هێنانی دەستی کار و بۆ وەزارەتی پلاندانان ڕەوانە کراوە.
- کارکردن لەسەر رێنمایی مومارەسەی پیشە لە کوردستان(خزمەتگوزاریەکانی پاش فرۆشتن)
- پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی دۆسیەی فەرمانبەران.

## دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

- دوباره كاركردن لەسەر یاسای پاراستنی منداڵ و تاوتوكردنی لەگەڵ ئەنجومەنی شوڕا و ڕێکخراوی یونسیف.
- ئامادەكردنی پەیڕەوی سندوقی ڕاهێنان و شیاندنی كەمئەندامان بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەت ژمارە (22) ساڵی 2011 هەمواركراو بەیاسای ژمارە (8) ی ساڵی 2021 و ڕەوانەكردنی بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ئامادەكردنی ڕەشنوسی پرۆژە یاسای جێگرەوەی سزاكان.
- ئامادەكردنی ڕەشنوسی ڕێنمایی هاوكاری خێزانی هەژار و كەمدەرامەت لەسەر بنەمای هەژاری (ڕێنمایی هاوكاری دارایی بۆ خێزانی هەژار و كەمدەرامەت)
- تاوتۆكردنی بابەتی هاوكاری كەمئەندامان لەگەڵ لێژنەی وەزارەتی دارایی بەپیی یاسای كەمئەندامان و چاكسازی (لەبری پەكەوتەیی)
- بەشداریكردن لە تاوتوكردنی ڕەشنوسی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە پەرلەمانی و بەشداری حكومەت و سەرۆكایەتی هەرێم و لێژنەی پەرلەمان.
- پێداچوونەوە و ئەپدەیتكردنی پۆرتاڵی خزمەت لەسەر ئاستی وەزارەت كە (23) خزمەت دەگرێتەوە.
- ئامادەكردنی ڕێبەری كاری سەنتەرە كۆمەڵاییەتیەكان بۆ خێزان و پاراستنی منداڵ و گشتاندن بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی چاودێری و گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی.
- لە بواری سیاسەتی پاراستنی منداڵ و پاڵپشتی دەرونی كۆمەڵایەتی بۆمنداڵ و خێزان و دەوروبەر .
- لە بواری چاودێری كردنی منداڵ و لە خۆگرتنی منداڵانی بێ سەرپەرشت
- شیاندن و ڕاهێنانی منداڵانی كەمئەندامان لە هەموو شارەكانی هەرێمی كوردستان.
- خوێندنەوە و پەسەندكردنی مادده و برگەكانی تایبەت بە ڕێنمایی مۆڵەتی بەخێوكەر.
- بەخشینی مۆڵەتی بەخێوكەر وەكو مافێكی كەمئەندامان بە مەبەستی كەم كردنەوەی ئەركی خاوەن پێداویستی تایبەت .
- تۆماركردنی ناوی نوێی كەمئەندامان كە مەرجەكانی شایستەبوونی هاوكاریان تێدایەو، پێشتر ناونووس نەكراونە، هەروەها جێبەجێكردنی ڕێنماییەكانی دەرماڵەی پەكەوتەیی و ئامادەكاری بۆ پشكنینی خاوەن پێداویستی تایبەتی نوێ پاشان تۆماركردنیان بەمەبەستی شایستەی دارایی.
- واژووكردنی ڕێنمایی تایبەت بە كردنەوەی (3) نەخۆشخانەی درێژخایەن بۆ نەخۆشانی دەروونی تایبەت بە ژنان لە (هەولێر ، دهۆك، سلێمانی).
- ئامادەكاری بۆ دامەزراندنی (3) سێ نەخۆشخانەی دەرونی لە شارەكانی (هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك).

- بەکارخستنی سیستمی داتابیس بۆ زانیاری کەمئەندامانی سوودمەند لە حکومەت، کەسەرجەم زانیاریە پێویستەکان لەخۆ دەگرێت، وە هەموو کەمئەندامێکی سودەند دەکاتە خاوەنی ناسنامەی زیرەك .
- لە خۆگرتنی و پاراستنی ژنانی هەڕەشە لێکراو.
- بەردەوامی دان بە خزمەت گوزاری هیڵی ١١٦ ( هیلی فریاکەوتنی منداڵ ) و ئیحالەکردنیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار .
- دروست کردن و سەرپەرشتی کردنی بینای ماڵی منداڵانی بێسەرپەرشت لە گەڕەکی کوردسات لەلایەن خێرخوازەوە .
- دروست کردنی هۆڵێك بۆ سودمەندانی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی و پەیڕەو کردنی سیستمی یەکپەنجەرەیی تێیدا ، تێچوی ئەم پڕۆژەیە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە .
- سوودمەندبوونی (520) سزادراو لە خولەکانی تایبەت بە مەشق و پیشەیی و وەرشە و وۆرك شۆپ و سیمیناری جۆرا و جۆر.
- کردنەوەی بەشی چاودێری پاشینە(الرعاية اللاحقة) لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی تایبەت بە هۆبەکانی چاودێری پاشینە لە چاکسازیەکان ژنا ن و منداڵانی هەرێمی کوردستان.
- کاراکردنەوەی صندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە مەبەستی کۆکردنەوەی داهاتی دەستەبەری لە یەک صندوق وەبەرهێنان و یەکخستنی داهات.
- هەنگاونان بەرەو دەستپێکردنەوەی پڕۆژەی قەرزە بچووکەکانی لاوان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و دامەزراندی پڕۆژی بچووك و رەخساندنی هەلی کار بۆ (9500) گەنج و رەخساندنی هەلی کار بە (ناڕاستەوخۆ) بۆ زیاتر لە (25000) کەس یاریدەدەر لە پڕۆژە.
- هەموارکردنەوەی یاسای ژماری (2) ی ساڵی 2011 ی تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پڕۆژە بچووکەکانی لاوان، بە شێوازێك کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێم.
- هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (5)ی ساڵی 2015 تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پڕۆژە بچوکەکانی لاوان بە مەبەستی سوودمەند بوونی ژمارەیەکی زیاتر لە گەنجان لەسەر بنەمای هەموارکردنەوەی مەرجەکانی پێدانی پێشینە لە یاساکەدا (دابینکردنی هەلی کاری زیاتر).
- ڕاهێنان و بەکارخستنی هێز و توانای سزادراوان لە چاکسازی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی ئامادەکردنی سزادراوان بۆ دەستپێشخەری لە دامەزراندنی پڕۆژە لە دوای ئازاد بوونیان.
- ئامادەکردنی سیستەمی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە بواری چاودێری خێزان و کەمئەندامان بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕۆتین و لادانی ناوی دوبارە.

- تۆمارکردنی ناوی بێکاران بۆ دۆزینەوەی هەلی کار کە تاکو ئێستا (7990) کەس تۆمار کراون (3147) کاریان بۆ دۆزراوەتەوە.
- کارکردنی جدی لەســەر پڕۆژەی خزمەت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەنجام دەدرێت و ســەرجەم دامودەزگاکانی وەزارەتی کار کە خزمەتگوزاری پێشــکەش هاووڵاتیان دەکەن لەم ســایتە زانیاری تەواویان لەســەر بڵاو دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی ســەرجەم هاووڵاتیان لە خزمەتگوزارییەکان و پێداویســتی مامەڵەو..هتد ئاگاداربن.
- دەستەبەرکردنی (23509) کرێکار لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی.
- بە هەمـاهەنگی لەگەڵ رێکخراوی ( ILO & ETTC ) ئـامـادەکردن و راهێنـان پێکردنی (12) فەرمـانبەری بەرێوەبەرایەتی کار لە هەرسێ پارێزگا بۆ ئەوەی ببن بە پشکێنەری تایبەتمەند بەکاربۆ بەدواداچوونی کێشە و گرفتی کرێکاران .

- ئاماری گشتی کەمئەندامان.

| پارێزگا | ساڵ | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 2016 | 21,246 | 18,095 | 39,341 |
| | 2017 | 21,012 | 17,873 | 38,885 |
| | 2018 | 19,298 | 17,124 | 36,422 |
| | 2019 | 15,061 | 13,869 | 28,930 |
| | 2020 | 15,061 | 13,869 | 28,930 |
| | 2021 | 15,929 | 15,173 | 31,102 |
| | 2022 | 14,416 | 14,532 | 28,948 |
| سلێمانی | 2015 | 22,406 | 14,569 | 30,329 |
| | 2016 | 18,607 | 11,722 | 30,329 |
| | 2017 | تێبینی/پرۆسەی دوبارە پشکنینەوەی کەمئەندامان | | |
| | 2018 | 18,368 | 10,928 | 25,044 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 25,044 | 10,695 | 14,349 | 2019 | |
| 24,210 | 11,266 | 12,944 | 2020 | |
| 19,291 | 9,334 | 9,957 | 2021 | |
| 25,575 | 11,785 | 13,790 | 2022 | |
| 23,965 | 10,837 | 13,422 | 2016 | |
| 22,788 | 10,772 | 13,193 | 2017 | |
| 18,845 | 10,357 | 12,431 | 2018 | |
| 18,439 | 8,409 | 10,436 | 2019 | دهۆك |
| 29,033 | 18,694 | 10,339 | 2020 | |
| 18,243 | 8,211 | 10,032 | 2021 | |
| 17,983 | 8,137 | 9,846 | 2022 | |
| 7,107 | 1,701 | 5,406 | 2016 | |
| 7,107 | 1,703 | 5,404 | 2017 | |
| 5,961 | 1481 | 4480 | 2018 | |
| 6,630 | 1553 | 5077 | 2019 | هەڵەبجە |
| 6,609 | 1542 | 5067 | 2020 | |
| 3,087 | 921 | 2166 | 2021 | |
| 2,802 | 657 | 2145 | 2022 | |
| 7,311 | 2805 | 4506 | 2016 | |
| 6,994 | 2684 | 4310 | 2017 | |
| 6,974 | 2626 | 4348 | 2018 | |
| 6,737 | 2551 | 4186 | 2019 | گەرمیان |
| 5,473 | 2458 | 3015 | 2020 | |
| 6,249 | 2424 | 3825 | 2021 | |
| **5992** | **2310** | **3682** | 2022 | |

## سێیەم: ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان

- دەستکردن بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی سزادراوان لەنێوان حکومەتی هەرێم و کۆماری ئیسلامی ئێران.
- سیستەمی خێزانی جێگرەوە لە بواری پارێزگاری منداڵ لە شارەکانی هەرێم بە مەبەستی پارێزگاری کردنی منداڵ لە ڕووی دەرونی و تەندروستی و پەروەردەییەوە و دابینکردنی ئارامگەیەکی گەرمی خێزانی بۆ منداڵ.
- ڕێکەوتنامەی لێك تێگەیشتن لەگەڵ ڕێکخراوی (ستێپس)ی بەریتانی لە بواری خێزانی جێگرەوە بە مەبەستی دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی منداڵ لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.
- بەشداریکردنی وەزارەتمان لە ئامادەکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە زۆربەی زانیاریەکان و کەیسەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە وەزارەتمانەوە لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەری پەیوەندیەکانی دەرەوە.
- وەڵامدانەوەی زۆربەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان دەربارەی مافی مرۆڤ بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی ڕێکخەری پەیوەندیەکانی دەرەوە.
- چاککردنی ڕەوشیماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتان لە ڕووی خزمەتگوزاری شەڵتەر، بە مەبەستی بەسیستەم کردنی کاروباری خزمەتگوزارییەکانی شەڵتەری داڵدەدانی ژنانی هەڕەشە لێکراو.
- دانانی سیستمی داتابیس بۆماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو، بە شێوازێك کە زانیاری سەرجەم کەیسەکان لە دیوانی وەزارەت دەبێت و، لەسەر ئاستی کوردستان بە یەك سیستەم کاردەکرێت.
- بەشداری کردنی وەزارەتمان لە دیداری لەیەکگەیشتن نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتی بۆسنیا بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربووانی دوای جەنگ.

## چوارەم: پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

دروستکردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە حکومەتی فیدراڵ بە مەبەستی گۆڕینەوەی بیر و ڕاو و دروست کردنی هەماهەنگی.

## پێنجەم: ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

- ئەنجام دانی پرۆژەی هاوبەش لە گەڵ رێکخراوی یونسێف و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری دەرونی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵ و دەوروبەری منداڵ و هۆشیار کردنەوەو هاوکاری کردنی کەیسکەکانیان و چارەسەر کردنی .
- ئەنجام دانی پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ ( unfpa ) لە بواری ژنان و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری بۆ کەیس و هۆشیاری لە بواری توندوتیژی و جیاوازی رەگەزی .
- ئیمزاکردنی یاداشتی لێکتێگەیشتن لەگەڵ رێکخراوی VNG بە مەبەستی رەخساندنی هەلی کار.
- ئەنجام دانی پرۆژەی هاوبەش لە بواری منداڵان و هێڵی ١١٦ لە گەڵ رێکخراوی منداڵ پارێز .
- بەشداری کردن لە سەرجەم پرس و بابەتەکانی تایبەت بە ژنان و منداڵان و توێژە جیاکانی کۆمەڵگا، لە کۆنفرانس و سیمیناو وۆرکشۆپی جیاجیاو، بینینی رۆڵی بەرچاو لە بەشداری کردن و بەرێوەبردنیان.
- واژووکردنی یاداشتنامە لەگەڵ رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی لە بوارەکانی راهێنانی کارمەندانی کارو دەستەبەر و راهێنانی سودمەندانی قەرزی بچوك و بواری گەشەپێدانی تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت.
- ئەنجامدنی خولی راهێنان بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی بۆ یەکەکانی پاراستنی منداڵ لەسەر ئاستی هەرێم وهەروەها خولی مادە هۆشبەرەکان بەهاوکاری رێکخراوی یونسیف و وەچان.
- هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی ترانگ بۆ ئەنجامدانی خولی راهێنان بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی کە لە کەمپەکان کار دەکەن.
- ئامادەکردنی رێبەری کاری توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە چاکسازیەکان بەهاوکاری لەگەڵ رێکخراوی هاریکار و یونسیف
- رێکخستنی و پێداچوونەوەی دوو لەسەر سێی دوکیۆمێنتەکانی هۆبەی خێزانی جێگرەوە لەگەڵ رێکخراوی ستێپ و رێکخراوی یونسیف.
- لە ریی (8) ئوفیسی پاراستنی مندالان کە پروژەیەکی هاوبەشە لە گەل ریکخراوی یونسیف خزمەت گوزاری هەمەجور پێشکەش بە مندالانی ( ئاوارە / پەنابەر / مندالی شاری هەولێر ) لەریگای ئەم ئوفیسەکان (8832) مندال سودمەندبو.
- پتەوترکردنی پەیوەندی نێوان وەزارەت و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نێوخۆییەکان و بەستانەوەیان بە دیوانی وەزارەت و پێشکەش کردنی کار ئاسانی بۆ چالاکی هاوبەش و سوود بینین لە توانستەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی کارمەندان و ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەشی بە سوود بۆ هاووڵاتیان.

- کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکان بە گشتی و یونسێف بە تایبەتی، بە مەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشتر بە ئاوارەکان، لە بواری هۆشیارکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکانیان و هاریکاری کردنیان لە ڕووی ماددی بە مەبەستی بەردەوام بوونی منداڵەکانیان لە پرۆسەی خوێندن، لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێر و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان.
- سەردان و پێشوازی کردن و کارئاسانی لە بواری کاری وەزارەت بۆ کونسوڵخانەکان و نوێنەرە جیاجیاکان لەسەر ئاستی کوردستان .
- بەشداری کردن لە سەرجەم پرس و بابەتەکانی تایبەت بە ژنان و منداڵان و توێژە جیاکانی کۆمەڵگا، لە کۆنفرانس و سیمیناو وۆرکشۆپی جیاجیاو، بینینی ڕۆڵی بەرچاو لە هەماهەنگی لە ئامادەکردنی و بەڕێوەبردنیان.
- هاوکارو پەیوەندی پتەوبوون لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بۆ سەرجەم بابەتەکانی جێندەری و ئەو لیژنانەی بە هاوبەشی کارەکان ئەنجام دەدەن و رۆڵ بینین لە سەرخستنی کارەکان.

## شەشەم: ئاستی کارگێڕی

- ئامادەکردنی پلانی ستراتیژی پێنجی بۆ ساڵانی 2022 – 2026 تایبەت بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ دیاریکردنی ئامانجە ستراتیژیەکان کە دەبێتە بناغەیەك بۆ ئامادەکردنی پلانی ساڵانە.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی پلانی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.
- پەسەندکردنی ڕەشنووسی ڕێبەری پێناسەی وەزیفی (الوصف الوظیفي) تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دهۆك پاش بەدواداچوون و هاوکاریکردنیان لە لایەن وەزارەتەوە و کارکردن لەسەر ئامادەکردنی ڕەشنووسی پێناسەی وەزیفی بۆ دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکانی تر.
- دانانی سیستەمی ئەلیکترۆنی تایبەت بە کاروبارەکانی کارگێڕی و میلاکات و ڕێکخستنەوەی هات و دەرچوو و نووسراوەکان بەمەبەستی خێرا ڕاپەڕاندنی کارەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین و کەمکردنی خەرجیەکان لە دیوانی وەزارەت.
- ئەنجامدانی خولی ڕاهێنانی ڕاهێنەران بۆ توێژەرانی کۆمەڵایەتی هۆبەی خێزانی جێگرەوە.
- دامەزراندن بە شێوەی گرێبەست بۆ گەنج و لاوان پاش کردنەوەی نەخۆشخانەی دەروونی لە شاری هەولێر و سەنتەری ئۆتیزم لە شاری هەڵەبجە
- سەر لە نوێ دارشتنەوەی بەڕێوبەرایەتی و بەشەکانی وەزارت کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕەوشی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی ڕۆتین لە کاتی ئەنجامدانی مامەڵەکانیان.

- ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشەکان لە چاکسازییەکان و بەڕێوبەرایەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، بە لەبەرچاو گرتنی لێهاتوویی کارمەندان و دانانی کەسی شیاو.
- هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ڕێکخستنی داتا و زانیاریەکان بەشێوەیەکی بەردەوام.
- بەرەزامەندی سەرۆکی حکومەت بڕیاردرا بە دامەزراندنی (٣٠) فەرمانبەری نوێ بۆ بەرێوەبەرایەتیەکانی دەستەبەری کۆمەلایەتی لە هەرسێ پارێزگا و هەروەها بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی (ILO & ETTC) هەڵساین بە راهینان پێکردن و ئامادەکردنی (45) فەرمانبەری تایبەت بە پشکێنەری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی شارەزایی زیاتریان هەبیت لە کاتی  سەردانی کردنی پرۆژە و کارگەکان.

### کار و چالاکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان – ساڵی چوارەم

## یەکەم: ئاستی چاکسازی

- ئامادەکردنی راپۆرتی کۆتایی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- پرۆژە یاسای کار لە پەرلەمانی کوردستان ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کراوە.
- یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران بەرزکراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران.
  - دەرکردنی رێنمایی ژمارە (٢٨ ) سالی ٢٠٢٢ تایبەت بە کارکردنی کرێکاری بیانی دوابەوای بڕیاری ژمارە (١٧٢ ) ئەنجومەنی وەزیران.
  - بەپێی ڕێنمایی وەزارەت و وەزارەتی دارایی برینی موچەی ئەو کەمئەندامانەی کە خانەنشینیان هەیە و بە پێی یاسای چاکسازی نابێت دوو موچە وەر بگرن یان بە لەدەستدانی یەکێك لە مەرجەکانی سودمەندبوون .
  - گەڕاندنەوەی داهات بۆ خەزینەی دەوڵەت لە ئەنجامی برین بەهۆی یاسای چاکسازی یان بە هۆکاری لە دەستدانی مەرجی سودمەندبووانی تۆڕی پاراستنی کۆمەلایەتی.
  - پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی دۆسیەی فەرمانبەران ، بەپێی یاسای چاکسازی کارەکان تەواوکراوە و کۆنووس و بەراییەکان ڕەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە.
  - بەرزکردنەوەی ڕەشنوسی یاسای چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کە جێگای سیستەمی چاکسازی ژمارە (1) ی ساڵی 2008 بگرێتەوە.
- دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندرووستی.
  - ئامادەکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی مومارەسەی پیشە لە کوردستان (خزمەتگوزاریەکانی پاش فرۆشتن).
  - دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە خێزانی جێگرەوە.
  - دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە نەخۆشی دەروونی.
  - دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە ماڵی حەوانەوەی تووشبوانی شەبەنگی ئۆتیزم.
  - دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە ڕێژەی کرێکاری بیانی .
  - دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە هێزی جێبەجێکردن لە چاکسازیەکان.
  - دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە شەڵتەرەکان.

- ڕێنمایی تایبەت بە ووشیارکردنەوەی سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ کەرتی تایبەت.
- دانانی میکانیزم و مەرج و ڕێکاری نوێ بۆ پاڵپشتی پرۆژەی **(زۆر بچووک و بچووک و مامناوەند)** لە ناوی **(پرۆژەی گەشانەوە).**
- دامەزراندنی زیاتر لە **(600)** فەرمانبەر بە شێوەی هەمیشەیی و گرێبەست لە سنوری وەزارەتمان لە تەواوی شار و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی و خاڵبەندی و پێشبڕکێ.
- بە خۆڕایی کردنی خوێندنی سزادراوان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، یەکێکی دیکەیە لەو خزمەتانەی کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی توانی بە هاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا دەستەبەری بکات.
- ڕێکخستنەوەی دەوام و کار و چالاکیەکان و جلوبەرگ و هێمای سەرجەم کارمەندانی هێزی جێبەجێکار لە چاکسازیەکاندا.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای سزای جێگرەوە لە هەرێمی کوردستان .
- بەردەوام بوون لەسەر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری شایستە و کاراکردنی پرۆسەی چاکسازی بۆ سزادراوان، لە میانەی شەش چاکسازی لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك، کە لە ئێستادا (5093) پێنج هەزار و نەوەد و سێ سزادراو لە خۆ دەگرن.
- داڕشتنی یەکەمین یاسای چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان کە ئێستا نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- داڕشتنی یاسای لێبوردنی گشتی سزادراوان و ناردنی بۆ لایەنی پەیوەندیدار.
- کاراکردنەوەی لیژنەی دادگەری منداڵ لە هەرێمی کوردستان، کە یەکێکە لەو لیژنانەی ڕۆڵی هەبووە لە چارەسەرکردنی چەندین گرفتی یاسایی منداڵان.

## دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای پاراستنی منداڵ لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە پاڵپشتی ڕێکخراوی یونسیف و شارەزایانی نێودەوڵەتی و بەشداری سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و وەرگرتنی بۆچوونی کۆمەڵگای مەدەنی و پسپۆڕانی زانکۆ و بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ڕەوانەکراو لەوێش بۆ ئەنجوومەنی شوڕا ڕەوانەکرا و پاش ڕەچاوکردن و چاکردنەوەی تێبینیەکان دووبارە ڕەشنووسکە ئامادەکراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەرزکرایەوە.
- بەدەستهێنانی ڕەزامەندی سەرەتایی لەسەر سیاسەتی پاراستنی مافەکانی منداڵ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران بەنووسراوی ژمارە (5437) لە 2023/5/7 ( ئەم سیاسەتە لە حەوت تەوەری سەرەکی پێکهاتووە و

تایبەتە بە دیدگاکاری حکومەتی هەرێم لە بواری منداڵان و سەرجەم سێکتەرەکانی کاری حکومەت دەگرێتەوە لە بواری یاسایی و تەندرووستی و پەروەردە .. هتد ) .

- هێنانەکایەی هۆبەی خێزانی جێگرەوە لە شارەکانی هەولێر و دهۆك و دانانی ستاف و دابینکردنی شوێن و ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی ئەم هۆبەیە.
- پەسەندکردنی ڕێنمایی (شەبەنگی ئۆتیزم) پاش هەموارکردنی.
- وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر سیستەمی دایەنگەکان بۆ خەرجکردنی 40% بۆ پاڵنەری کارمەندان (حوافز) و 40% بۆ بنیادنانەوەی باڵەخانەی دایەنگا و 20% بۆ خەزینەی حکومەت دەگەڕێتەوە.
- هێنانە کایەی (استحداث) هۆبەی پاراستنی منداڵ لە دیوانی وەزارەت و لەگشت بەڕێوەبەراییەتیەکانی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وەکو یەکە.
- پێك هێنانی ئەنجوومەنی باڵای پاراستنی مافەکانی منداڵ کە لە (9) وەزارەت و (2) دەستە پێك هاتووە.
- بەرزکردنەوەی ڕەشنووسی پەیڕەوی سندوقی ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندامان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەت ژمارە (22) ساڵی 2011 هەموارکراو بەیاسای ژمارە (8) ی ساڵی 2021 و ڕەوانەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- بەرزکردنەوەی ڕەشنوسی ڕێنمایی هاوکاری خێزانی هەژار و کەمدەرامەت بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر بنەمای هەژاری (ڕێنمایی هاوکاری دارایی بۆ خێزانی هەژار و کەمدەرامەت)
- پاش تاوتۆکردنی بابەتی هاوکاری کەمئەندامان لەگەڵ لێژنەی وەزارەتی دارایی بەپێی یاسای کەمئەندامان و چاکسازی (لەبڕی پەکەوتەیی) ڕێنمایی پێویست دەرکرا.
- کارکردن بە سیستەمی یەك پەنجەرە لە تۆری پاراستنی کومەلایەتی هەولێر و سلێمانی بۆ ئەوەی کارەکان بەدروستی ئەنجام بدریت بو بەزووترین کات خزمەتێکی تر پێشکەش بە  هاولاتیان و بەتایبەتی خاوەن پێداویستی تایبەت بکەین .
- دیجیتەڵکردنی ئەرشیفەکەیان لە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەمەبەستی جێبەجیکردنی پرۆسەی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی کاروباری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی هەرچی کرێکارە لە کەرتی تایبەت، هەموویان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی تۆمار بکرێن، کە ئەمە دەبێتە هۆکارێکی زۆری هاوکاریکردن لە حکوومەت و هەلی کار و هاووڵاتیانیش بۆ ئەوەی ڕوو لە کەرتی تایبەت بکەن.
- بەدواداچوونی بەردەوام بۆ رەوشی سزادراوان و چۆنێتی بەرێوەچونی خولەکان و چالاکیەکانی سزادراوان
- سوودمەندبوونی (520) سزادراو لە خولەکانی تایبەت بە مەشق و پیشەیی و وەرشە و هەروەها سوودمەندبوونی (3145) سزادراو لەوۆرك شۆپ و سیمیناری جۆرا و جۆر.

- پێشکەش کردنی بەردەوامی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ سزادراوان بە جۆرێك لە سەرەتای ساڵی 2022 تاکو ئێستا نزیکەی (38567) لە خزمەتی جۆراوجۆر پێشکەش کراوە لە سەرجەم بنکەکانی تەندروستی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان.
- (344) سزادراو خراونەتە سەرکارو لە ئێستادا لە وەرشەکانی ناو چاکسازییەکان کار دەکەن.
- بە درێژایی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەردەوامە لە پێکهێنانی سەنتەرەکانی ئۆتیزم بۆ وەرگرتنی چارەسەر و ڕاهێنانی منداڵانی تووشبووی ئۆتیزم بەو شێوەی خوارەوە :

1. نۆژەنکردنەوەی سەنتەری ئۆتیزمی هەولێر.
2. بە هاوکاری ڕێکخراوی یەکێتی ئەوڕوپا و وەزارەتی پلاندانان هەوڵدان بۆ درووستکردنی نەخۆشخانەی ئۆتیزم لە دەڤەری شارەزوور.
3. کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزمی هیمەت لە شاری دەربەندیخان بۆ ڕاهێنانی منداڵانی ئۆتیزم.
4. کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم لە شاری کۆیە.
5. کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم لە حاجیاوە کە پێداویستیەکی گرنگ بوو بۆ دانیشوانی ناوچەکە و کەم کردنەوەی بارگرانی ئەو خێزانانەی کە منداڵی توش بوی ئۆتیزمیان هەیە .
6. کردنەوەی سەنتەری ئۆتیزم و شیاندنی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت لە شاری هەڵەبجە

- بەکردنەوەی ئەو سەنتەرانەی سەرەوە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەلی کاری بۆ چەندین کەسی ڕەخساندووە
- دەرکردنی بڕیارێك لە بەرژەوەندی نەخۆشانی ئۆتیزم بە دابینکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی بێ بەرامبەر بۆ تووشبوانی ئۆتیزم لە نەخۆشخانە حکومیەکان بە هەماهەنگی هەردوو وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی تەندرووستی.
- بە مەبەستی خزمەتکردنی زیاتری چینی تووشبوانی ئۆتیزم ، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ڕێنمایی تایبەتی دەرکرد بۆ فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریکردنی خیزانی منداڵی ئۆتیزم لە فڕۆکەخانەکان.
- کردنەوەی سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی لەشاری چەمچەماڵ ، خزمەتێکی تری حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ خزمەتکرنی گەنج ولاوانی ناوچەکە.
- سوودمەندبوونی گەنجان لە خول و ڕاهێنانی پیشەیی بەڕێوەبەرایەتیەکانی مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی بە کردنەوەی (124) خول و سوودمەندبوونی (1787) کەس لە ساڵی 2022.
- ئەنجامدانی ڕوپێوی منداڵی ئیشکەر و سەرشەقام لە پارێزگای سلێمانی ، لە سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە 1466 منداڵی ئیشکەر تۆمار کراوە و پلانی تایبەت هەیە بۆ چارەسەرکردنی پاش گەڕاندنەوەی پڕۆژەی سیاسەتی پاراستنی منداڵ لە ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت و گرفتەکان دەست نیشان دەکرێن و چارەسەری دەکرێن.

- دابینکردنی پارەی گیرفان بەشێوەیەکی مانگانە بۆ نەوجەوانانی سزادراو لە چاکسازیەکانمان و ئەو منداڵانەی لەگەڵ دایکیانن و دایکیان سزادراوە هاوشێوەی منداڵەکانی خانەی بێ سەرپەرشتیاران و منداڵان لە پەیمانگاکانی نابینایان و نابیستان و بیرکۆڵان ، چونکە بەشێك لەو نەوجەوانانەی سزادراو یان لەگەڵ دایکیانن لە چاکسازیەکان هیچ کەسێك سەردانیان ناکات و هیچ بژێویەکیان نیە بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانە.
- پڕۆژەی بینایەی نوێی چاکسازی ژنان و منداڵان هەولێری لەبواری جێبەجیکردندایە کەدەکەوێتە سەر ڕێگای کەسنەزان , پڕۆژەکە بە گوژمەی (١,٤٨٠,٧٠١,٠٠٠) لەلایەن کۆمپانیای سەرمایە جێ بەجێ دەکرێت و ماوەی تەواو کردنی پڕۆژەکە (٣٦٥) ڕۆژ دەخایەنێت , بەتەواو بوونی کارەکانی ئەم پڕۆژەیەش ئەو کێشەو گرفتانەی کە لە ئێستادا بەهۆی خراپی بینایە و کەمی ژورو هۆڵەکانی مانەوەی سزادراوان و ڕاگیراوان لەناو چاکسازی ژنان و منداڵان هەولێر هەیە چارەسەر دەبێت .
- بە هەوڵی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و کەسانی خێرخواز بڕیاردرا بە دروست کردنی بالاخانەیەک بۆ بەسالاچوانی هەولێر لە سەر ڕووبەری (٧٥٠٠)م بەشێوەیەک کە لە عیراق و دەورو بەری هاو شێوەی نیە.
- وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی لەپێناو بەرژەوندی هاولاتیان بریاری لێخۆش بوون لە سزای دواکەوتن ( غرامە تاخیری) پارەی بەشداریەکان بە ڕێژەی (100%) بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ دەرکرد لە ١/٦/٢٠٢٣ وە دەست پێ دەکات بە فەرمانی ژمارە (757) لە 2023/5/22.
- ئامادەسازی بۆ دروستکردنی سەنتەری شیاندنەوەی کەسانی ئاڵودەبوو بە ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان.
- پێکهێنانی لێژنەی باڵای سیاسەتی بەکارخستن
- لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیرا لەسەر کەم کردنەوەی دەوامی مامۆستایان و فەرمانبەرانی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە وەزارەتی پەروەردە بۆ ماوەی (١) یەک کاتژمێر.
- بۆ نەوجەوانانی ناو خانەکانی کوڕان و کچانی بێسەرپەرشت ، بە پێی نوسراوی ژمارە ٨٧٨٩ لە ٢٨/١١/٢٠٢٢ بریاردرا بەدامەزراندنی ئەو مێردمنالانەی لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا تەمەنیان گەیشتۆتە سەرو ١٨ ساڵ بەشێوەی گرێ بەست لەسەر میلاکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی.
- دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو منداڵانەی لە خانەکانن و تەمەنیان دەگەتە سەرو هەژدە ساڵ لە خانەکان نامێنن ، وە بۆ ئەو ژنانەی لە ماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەرەشە لێکراون پاش چارەسەری کێشەکانیان کەسوکاریان وەریان ناگرنەوە.
- هەوڵەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەردەوامە لە پێناو کەمکردنەوەی قەرەباڵغی ناو چاکسازییەکان، لەوانە دروست کردنی بینا و باڵەخانەی نوێ بەو شێوەی خوارەوە :

أ- بینای بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنانی هەولێر لە ژێر دروست کردندایە و کارەکانی تاوەکو ڕێژەی 60% جێبەجێکراوە.

ب- درووستکردنی بینای چاکسازی گەوران لە شاری هەولێر بۆ (5000) تیرۆر و سێدارە کە لە ئێستادا زیاتر لە (2000)ی تیایە ، ڕەزامەندی لەسەری وەرگیراوە .

ج- ڕەزامەندی وەرگیراوە و زەوی تەرخانکراوە بۆ درووستکردنی چاکسازی ژنانی (دهۆك ، سلێمانی) هەروەها نەوجەوانانی (هەولێر ، دهۆك ، سلێمانی)

د- لە چاکسازییەکانی دیکەش بە پێی توانا و هەبوونی شوێن کارکراوە بۆ فراوان کردنی هۆڵەکانی سزادراوان و ژووری کارمەندان.

- ئەنجامدانی خولێك بۆ (20) بیست کارمەندی وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ فێرکردنی زمانی ئاماژە بەمەبەستی ڕایکردنی کارەکانی کەسانی نابیست لە فەرمانگەکانی هەرێم.هەروەها لەسەر ئەو بنەمایە ئەپڵیکەیشنێکی تایبەت ئامادەکرا بۆ ئاشنابوون بەو زمانە لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێم.
- دانانی دەروازی ئەلیکترۆنی تایبەت بە (پرۆژەی گەشانەوە) بە مەبەستی پیشکەشکردنی تەواوی خزمەتگوزاریەکانی پیشکەشکردنی داواکاری قەرز لە ڕیگای ئەم دەروازەوە هەروەها بەستنەوەی تەواوی لایەنە پەیوندارەکان بەیەکترەوە بە شێوەی ئەلیکترۆنی (نوسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی حکومەت، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی،وەزارەتی کشتوکال،  فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری، تۆمار ی کۆمپانیاکان، ریکخراوی کارساز، بانکی بازرگانی، هتد...).
- بەکارخستنی سیستمی داتابیس بۆ زانیاری کەمئەندامانی سوودمەند لە حکومەت، کەسەرجەم زانیاریە پێویستەکان لەخۆ دەگرێت، وە هەموو کەمئەندامێکی سودمەند دەکاتە خاوەنی ناسنامەی زیرەك.

| | |
|---|---|
| 69,981 | **کۆی گشتی ژمارەی کەمئەندامانی بێ مووچە** |
| 6,807 | **کۆی گشتی ژمارەی کەمئەندامانی بە مووچە** |
| 76,788 | **کۆی گشتی ژمارەی کەمئەندامان** |

- ژمارەی کرێکارانی دەستەبەرکراو ساڵی 2023 :

| خۆمالی | | | بیانی | | | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | |
| **1983** | **304** | **2287** | **344** | **48** | **392** | **2679** |
| **0** | **0** | **0** | **0** | **0** | **0** | **0** |
| **964** | **241** | **1205** | **186** | **89** | **275** | **1480** |

- ژمارەی کرێکارانی دەستەبەرکراو ساڵی 2022 :

| خۆمالی | | | بیانی | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | |
| 19919 | 3820 | 23739 | 3482 | 337 | 3819 | 27558 |
| 200 | 50 | 250 | 0 | 0 | 0 | 250 |
| 9566 | 1612 | 11178 | 1295 | 507 | 1802 | 12980 |

- ژمارەی بێکارانی تۆمارکرا و دۆزینەوەی هەلی کار ساڵی 2023

| بابەت | کۆی گشتی | ڕەگەز | | کۆی گشتی 2023 | کۆی گشتی 2022 |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | | |
| ژمارەی بێکاران کە تۆمار کراوە | 9 | 92 | 66 | 158 | 8618 |
| سەردانەکانی مەیدانی بۆ پرۆژەکان و کارگەکان ژمارەی | 149 | | | | |
| پرۆژەکانی تۆمارکراو کە هەلی کاریان هەیە ژمارەی | 21 | | | | |
| دەرفەتی کار کە دۆزراوەتەوە بۆ بێکاران ژمارەی | 1 | 16 | 5 | 21 | 2425 |
| کەسانەی دامەزراون لەسەر کار ئەو | 1 | 10 | 2 | 12 | 374 |

ژمارەی کرێکاری بیانی بەپێی ڕەگەزنامە

| ژ | رةطةزنامة | هەولیر | | سلیمانی | | دهۆك | | کۆی گشتی | | سەرجەم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | خزمەتکاری ماڵ | کرێکاری پڕۆژە | خزمەتکاری ماڵ | کرێکاری پڕۆژە | خزمەتکاری ماڵ | کرێکاری پڕۆژە | خزمەتکاری ماڵ | کرێکاری پڕۆژە | ساڵی 2023 | ساڵی 2022 |
| 1 | نیپالی | 68 | 0 | 127 | 0 | 0 | 0 | 195 | 0 | 195 | |
| 2 | اندنوسی | 92 | 0 | 46 | 0 | 21 | 0 | 159 | 0 | 159 | |
| 3 | غانا | 170 | 0 | 156 | 0 | 23 | 0 | 349 | 0 | 349 | |
| 4 | هیندی | 9 | 0 | 13 | 0 | 5 | 0 | 27 | 0 | 27 | |
| 5 | فلیپین | 15 | 0 | 0 | 0 | 2 | 0 | 17 | 0 | 17 | |
| 6 | سرالیون | 30 | 0 | 2 | 0 | 15 | 0 | 47 | 0 | 47 | |
| 7 | تەنزانیا | 20 | 0 | 0 | 0 | 2 | 0 | 22 | 0 | 22 | |
| 8 | پاکستان | 9 | 0 | 4 | 0 | 0 | 0 | 13 | 0 | 13 | |
| 9 | مصری | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | |
| 10 | کامیرونی | 29 | 0 | 13 | 0 | 0 | 0 | 42 | 0 | 42 | |
| 11 | میانمار | 30 | 0 | 0 | 0 | 11 | 0 | 41 | 0 | 41 | |
| 12 | کوتیوار | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | |
| 13 | توگولاس | 1 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1 | 0 | 1 | |
| 14 | سریلانکی | 0 | 0 | 4 | 0 | 0 | 0 | 4 | 0 | 4 | |
| 15 | تایلەندی | 2 | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 | 3 | 0 | 3 | |
| کۆی گشتی | | 475 | 0 | 366 | 0 | 79 | 0 | 920 | 0 | 920 | |
| | | 475 | | 366 | | 79 | | | | 920 | 7148 |

- زیادکردنی دوو خزمەت لە خزمەتەکانی وەزارەت، کە داواکارین لە پۆرتاڵی خزمەت زیاد بکرێن:
  1- خزمەتی پێدانی مۆڵەتی ماڵی بەساڵاچوان بۆ کەرتی تایبەت و خێرخوازی.
  2- خزمەتی نوێکردنەوەی مۆڵەتی دایەنگە ناحکومییەکان.

## سێیەم: ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان

- بەشداریکردن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئامادەکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە لایەن نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان ئەنجام دەدرێت و ڕۆڵی وەزارەتمان لە وەڵامدانەوەی زۆرینەی ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کە تایبەتن بە مافەکانی مرۆڤ لە بوارەکانی (ئافرەتان و منداڵان و کەمئەندامان).
- مۆرکردنی ڕێکەوتنی هاوبەش لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بۆ مەبەستی وانەووتنەوە و سیمینار بۆ سزادراوان.

## چوارەم: پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

- هەردوو وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی  حکومەتی هەرێم و عێراق یاداشتی لێکتێگەیشتن و پرۆژەی سیاسەتی پشکنینی کار و سیاسەتی ڕێکارەکانی سەلامەتی و تەندروستی پیشەییان پەسەندیان کرد.
- بە ئەلکیترۆنیکردنی هاتو و دەرچوو ی نووسراوە فەرمیەکان لە نێوان وەزارەتمان و وەزارەتەکانی حکومەتی فیدراڵ لە ڕێگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا.
- هەماهەنگی بەردەوام لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی -عێراق ، تێگەیشتنی هاوبەش لە سێکتەرە هاوشێوەکاندا بۆ داهاتوو لە نێوان هەردوو وەزارەتەدا.
- هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە بەغدا بەمەبەستی سود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی سەنتەری نیشتمانی بۆ تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە بەغدا بۆ بنیاتنانی تواناکانی کرێکاران لە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی لە ناوچەکەدا
- دانانی سیاسەتێکی هاوبەش بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی کارکردنی منداڵان لە لایەن حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کارە.
- دروست کردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بە تایبەتی هەردوو وەزارەتی (داد – کاروکاروباری کۆمەڵایەتی) کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەیە.

## پێنجەم: ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

- ڕەخساندنی هەلی کار بۆ کۆمەڵێک لە دەرچوانی دانەمەزراو به شێوەی گرێبەستی نا حکومی لەگەل ڕێکخراوە نێودەولەتیەکان کە کار و چالاکی هاوبەش لەگەڵ وەزارەتمان ئەنجام دەدەن بۆ زیاتر خزمەت کردنی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان.
- پێداچونەوە و ڕێکخستنەوەی پرۆژەکانی هاوبەش لەگەل رێکخراوە بیانیەکان و جێبەجێکردنی ڕێکاری تایبەت بە کاری ڕێکخراوەکان لە دیوانی وەزارەت، هاوشێوەی بەرێوەبەرایەتی یە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتمان .
- بەشداریکردنی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ١١١مین کۆنگرەی کاری نێودەولەتی لە جنێف.
- هەماهەنگی لەگەڵ ڕیکخراوی IOL لە سەر پرۆژەکانی راهێنان و پیشەییەکانی شارو شارۆچکەکان و ئامادەکردنی پلان و پرۆژەکان بۆ ساڵی ٢٠٢٤.
- هەماهەنگی و ئەنجامدانی کاری هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف تایبەت بە کەم ئەندامان لە رووی بوونی پلانێکی ستراتیژی نیشتمانی بۆ کەم ئەندامان و کارەکانی ئەنجوومەنی کەم ئەندامان و داتای تایبەت بە کەم ئەندامان و راقەی گوزەرانی کەم ئەندامان لە هەرێمی کوردستان.
- هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (solidarity center) بەمەبەستی هاوکاری چینی کرێکار و سەندیکای کرێکاران لە لایەنی هونەری و ئەنجامدانی چەندین چالاکی هۆشیارکردنەوە و خولی تایبەت و پەرەپێدانی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی کرێکاران و ڕاهێنان پێکردنی پشکنەران و داستەبەری کرێکاران.
- هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی International Medical Corps بۆ ئەنجامدانی ژمارەیەک ڕاهێنان تایبەت بە پرسی پاراستنی منداڵ، بەڕێوبردنی کەیس و چەندین ڕاهێنانی تر تایبەت بە فەرمانبەر و توێژەری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.
- هەماهەنگی لەگەڵ باڵوێزخانەی ئەندەنوسیا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی هاتنی کرێکارانی ئەندەنوسی بەشێوەی نایاسایی و کەمکردنەوەی کێشەکانیان.
- واژوکردنی یاداشتی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بە مەبەستی هەوڵدان بۆ سنووردارکردنی دیاردەی منداڵانی ئیشکەر و بەهێزبوونی توانای کۆمەڵگا سەبارەت بە پاراستنی منداڵ بە گشتی و مندالی ئیشکەر بە تایبەت ی ئەم پرۆژەیە لە هەرسێ پارێزگا هەولێر . سلێمانی . دهۆك ئەنجام دەدرێت.

- کردنەوەی پێشەنگایەك لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کاری دهۆک و ڕێکخراوی ILO کەیەکەم جارە پێشانگای لەو جۆرە بکرێتەوە .شایەنی باسە پێشانگاکە بە بەشداری ٤٥ کۆمپانیا ، ٣٠٠هەلی کاریان ڕاگەیاند بۆ گەنجان.
- هەماهەنگی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەر سێ ڕێکخراوی یونسێف و بانکی نێو دەوڵەتی و ڕێکخراوی UNHCR بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرۆژە هاوبەشەی بڕیارە بە هاوبەشی ئەنجام بدرێت دەربارەی یارمەتی دانی 3200 سێ هەزارو دووسەد خانەوادەی هەژارو ئاوارەو پەناهێندە کە وەك قۆناغی ئەزموونی ئەنجام دەدەرێت و کار لەسەر ئەوە دەکرێت بکرێتە بناغەیەکی ئەزموونکاری بۆ گێرانەوەی هاریکاری خەڵکانی هەژارو کەم دەرامەت لە ژێر چەتری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی.
- واژۆکردنی یاداشتی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی WFP لە سەر جێبەجێکردنی هاوکاری دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی پلانی ستراتیژی بەرنامەی خۆراکی جیهانی ( ٢٠٢٠ -٢٠٢٤).
- پاڵپشت بە یاداشتی واژووکراو لەگەڵ ڕێکخراوی WFP ڕێکخراوی ناوبراو پاڵپشتی دارایی بەبڕی نزیکەی (750) ملیۆن دینار خەرج کرد بۆ دابینکردنی ئامێر و کەل و پەل و پێداویستی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی ڕاهێنانی پیشەیی (هەولێر – سلێمانی – دهۆك) جگە لە کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ سوودمەندان و ڕاهێنەران.
- قۆناغی سەرەتایی لە ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش بۆ (3200) خێزانی هەژار وکەمدەرامەت لەشاری دهۆك لە سەر بنەمای هێڵی هەژاری بەشێوەی تێست، لە نێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (هەرێم و فیدڕال) لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی (هەرێم و فیدرال) و بانقی نێودەوڵەتی و WFP و ڕێکخراوی یونسێف.
- واژۆکردنی یاداشتنامەی لێک تێگەیشتنی نێوان وەزارەتی کارو کارو باری کۆمەلایەتی بۆ دەستاودەستکردنی کلاستەری GBV بە وەزارەتی کارو کارو باری کۆمەلایەتی بە هاوکاری ڕێکخراوی سید بۆ ئەوەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی بتوانێت لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتوبێت کە سەرۆکایەتیکردنی ئەو کلاستەرەی کەوتۆتە ئەستۆ.
- واژۆکردنی یاداشتنامەی لێک تێگەیشتن لەگەڵ ڕێکخراوی کاریتاسی بەلجیکی بەمەبەستی پێشکەش کردنی هاوکاری لەچوارچێوەی بەهێزکردنی بەرنامەی فێربوون لە سەر بنەمای کار بۆ خوجێی کۆمەلگا و پەنابەری سوری و ئاوارەی ناوخۆیی لە پارێزگای دهوک.
- بەشداری کردن لە سەرجەم پرس و بابەتەکانی تایبەت بە ژنان و منداڵان و توێژە جیاکانی کۆمەڵگا، لە کۆنفرانس و سیمیناو وۆرکشۆپی جیاجیاو، بینینی ڕۆڵی بەرچاو لە بەشداری کردن و بەڕێوەبردنیان.

- پتەوترکردنی پەیوەندی نێوان وەزارەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێوخۆییەکان و بەستانەوەیان بە دیوانی وەزارەت و پێشکەش کردنی کار ئاسانی بۆ چالاکی هاوبەش و سوود بینین لە توانستەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی کارمەندان و ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەشی بە سوود بۆ هاووڵاتیان.
- کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکان بە گشتی و یونسێف بە تایبەتی، بە مەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشتر بە ئاوارەکان، لە بواری هۆشیارکردنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکانیان و هاریکاری کردنیان لە ڕووی ماددی بە مەبەستی بەردەوام بوونی منداڵەکانیان لە پرۆسەی خوێندن، لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان.
- کارکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکان بە گشتی و یونیسێف بە تایبەتی، بە مەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری باشتر بە نەوجەوانان لە چاکسازییەکان.
- ئەنجامدانی چەندین کاری هاوبەش لە نێوان وەزارەت و زانکۆی بێلفێلدی ئەڵمانی بۆ مەبەستی کردنەوەی خول و ڕاهێنان لە بواری تەندروستی دەروونی.
- بوونی پەیوەندی پتەو لەگەڵ دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری و داواکاری گشتی لە پێناو رایی کردنی کاروباری سزادراوان.

## شەشەم: ئاستی کارگێری

- کارکردن لەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی ستانداردی ئایزۆی نێودەوڵەتی (ISO 9001-2015) و بڕوانامەی دڵنیایی جۆری کوردستانی ، ئەنجامدانی کارەکان بە شێوازێکی جۆری و کواڵێتی، هەروەك وەزارەتمان توانیویەتی لە چەندین بواردا پێشەنگ بێت و بونیادی پرۆسە گرنگەکانی بەرێوەبردن دابمەزرێنێت وەکو دانانی ستراتیژیەتی وەزارەت بۆ ماوەی پێنج ساڵ و دانانی پلانی ساڵانە لەسەر بنەمای ستراتیژیەت، بوونی ڕەشنوسی وەسفی وەزیفی و ئامادەسازی بۆ دانانی سیاستەکانی وەزارەت، کە ئەمانە هەمووی ڕیخۆشکەرن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە پێویستیەکانی بواری جۆری.
- ئامادەکردنی پلانی ستراتیژی پێنجی بۆ ساڵانی 2022 – 2026 تایبەت بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ دیاریکردنی ئامانجە ستراتیژیەکان کە دەبێتە بناغەیەك بۆ ئامادەکردنی پلانی ساڵانە.
- ئامادەکردنی پلانی ساڵانەی وەزارەت لەسەر بنەمای ئامانجە ستراتیژیەکانی وەزارەت.

- ئامادەکردنی ڕێبەری ڕاهێنانی کارمەندان بە دیاریکردنی پێویستیەکانی خولی ڕاهێنانی پێویست.
- ئامادەکردنی پلانی خوێندن بۆ ساڵانی 2022 و 2023 کە تیایدا کورسیەکانی خوێندن دیاریکرا بە پێی پێویستی وەزارەتمان لەسەر بنەمای پێشبڕکێ.
- دانانی سیستەمی ئەلیکترۆنی تایبەت بە کاروبارەکانی کارگێڕی و میلاکات و ڕێکخستنەوەی هات و دەرچوو و نووسراوەکان بەمەبەستی خێرا ڕاپەڕاندنی کارەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین و کەمکردنی خەرجیەکان لە دیوانی وەزارەت.
- بەستنەوەی دیوانی وەزارەت لەگەڵ گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بەوەزارەت بە سیستەمێکی ئەلکیترۆنی.
- بەڕیوەبەرایەتی سندووقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان **(قەرزی بچووک)** بەشی زۆری هەنگاوەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ستانداردی ئایزۆی نێودەوڵەتی (ISO 9001-2015) و بڕوانامەی دڵنیایی جۆری کوردستانی تەواو کردوە.
- بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی فەرمانبەران لە ڕێی کردنەوەی خولی جۆراو جۆر بەو شێوەی خوارەوە :
  1. بەشداری پێکردنی فەرمانبەران لە خولەکانی کیپای سەر بە وەزارەتی پلاندانان بە شێوەی مانگانە.
  2. خولەکانی ئەکادیمیای ڕاهێنانی ڕاهێنەران/سەر بە بەرێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی/بەرێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی. (زانیاری و داتای خولەکان هاوپێچن).
  3. خولە پیشەییەکانی بەرێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی. (خول و وەرشەکان هاوپێچن).
  4. خولەکانی تایبەت بە گەنجان لە بەرێوەبەرایەتی قەرزی بچوك.
  5. ئەنجامدانی خولە تایبەتەکانی تایبەت بە فەرمانبەران و توێژەران لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان.
- دۆزینەوەی میکانیزمی یاسایی و کارگێری بۆ ئاسانکاری مۆڵەتی فەرمانبەران تا لە کەرتی تایبەت کاربکەن. (بە پێی ڕێنمایی ژمارە (4) / 2015 و ڕێنمایی ژمارە (14)/ 2015)
- لە وەزارەتمان 90% فەرمانبەران هەژماری بانکیان بۆ دروستکراوە، بەڵام 10% ماوە بۆیان دروست بکرێت بە هۆی ڕاگرتنی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە.
- کردنەوەی (40) خولی راهێنان بۆ کارمەندانی سەرجەم چاکسازییەکان، کە تیایدا (388) کارمەند بەشداربوون.

- کردنەوەی (50) خولی راهێنان بۆ سزادراوانی سەرجەم چاکسازییەکان، کە تیایدا نزیکەی (1875) سزادراو بەشداربوون تیایدا.
- دامەزراندنی (60) فەرمانبەر بە شێوەی گرێبەست بۆ هێزی جێبەجێکاری بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی گەوران/ هەولێر – سلێمانی – دهۆك.